ساڵیادی هووخانی ڕژەمی بەعسی عێراقی تێدەپەڕێت



ئەمڕۆ 21 ساڵ بەسەر رووخانی ڕژەمی بەعسی عێراقی تێدەپەڕێت.

لە 9ـی نیسانی ساڵی 2023، هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا توانییان بگەنە بەغدای پایتەخت و لە گۆڕپانی فیردەوس پەیکەری سەدام حوسێن سەرکی ڕژەمی پێشووی عێراق بڕووخێنن.

ئەمڕۆ 21 ساڵ بەسەر ئەو رووداوەدا تێدەپەڕێت و ساڵیادی کۆتایی ڕژەمکی دیکتاتۆرییە کە زیاتر لە 30 ساڵ حوکمی کەماری عێراقی کرد.

ڕژەمی بەعس کە لە کۆتایی ساڵانی شەستی سەدی ڕابردوو، لەگەڵ کودەتاوە دەسەڵاتی لە عێراقدا گرتە دەست، هەشت ساڵ جەنگی ئێرانی کرد و لە دوای تەواوبوونی ئەو جەنگەش کوێتی داگیرکرد، لەگەڵ کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالکردنی کوردانی سڤیل، هەروەها چەندان کوشتارگەی تری لەدژی گەلانی عێراق دروستکرد.